



# بازنی شیک بۆ مەچەک و قۆڵەکان

بازنـەکان هەمیشـە لـە مەچەکی دەسـتی خانمانـدا دەبیندرێـن و سـەرنجی بینەریـش رادەکێـش، مارکەکانـی (گیامباتیسـتا و ئیًترۆ)یـش بازنـی مەچەکیان داهێناوە کە لە جوانترین نموونەی خشڵەکان دروست کراون، بەتایبەت ئەگەر لە بەرد و شووشـە بن، لە وەرزی هاویندا جەسـتە زیاتر بە دەرەوە دەبێت، بۆیە دەتوانین خشڵ و ئێکسسوارەکان بە جوانترین شێواز دەربخەین، لەو کاتەی کە وەرزی هاوین بە وەرزی خشڵەکان ناسراوە، بازنی مەچەك دیارترین خشـڵی ئەو وەرزەیە، بە تایبەت ئەگەر لە دەوروبەری ئانێشـك ببەسـترێت، هەندێکیان لە سـەرەوەی ئانێشـك دەبەسـترێن و دەبنە قۆڵبەند، قۆڵبەندەکان بۆ کاتی ئاهەنگ و بۆنەکان شیاو و گونجاون، خشڵەکانی قۆڵبەند و مەچەك ئەگەر لە بابەتی بەردین و شووشـە نەبن دیار نابن، ئەوانەی بریقەدار و بریسـکەداری ڕووناکن کاتێك کە بەر تیشك و ڕووناکی دەکەون، مەرج نییە شێوەیەکی دیاریکراویان هەبێ، لە بارەی قەبارەوە نابێت ئەستوورییان لە دەست و قۆڵ زیاتر بێت، هەروەها هێنـدە گـەورە نەبێت کـە قەبە دەربکەوێت، ئەو جۆرە خشـڵانەی مەچـەك و قۆڵـەکان، بۆ کاتی دەرچوون و ئاهەنگ و گەشتکردن شیك و گونجاون.



# ڕەنگی قژ بۆ بۆنە و یاد و ئاهەنگەکان

لەم ماوەیەدا بۆنە و ئاهەنگەکان لە زیادبوونـدان و کەسـانێکی زۆر هاوسـەرگیری دەکـەن، هەروەها بۆنە و یادە تایبەتییەکانی وەك لەدایکبوون و سـوپرایز و سـاڵیادەکان دەکرێنەوە، کاتێك سـەردانی ئاهەنگەکان دەکەیت، جگە لەوەی پێویسـتە جلێکی نایـاب و شیکت لەبـەر بێت، هەروەها پێویسـتت بـە ڕەنگێکی ناسـکی قژ هەیە، تا لە دوور و نزیك دیار و گەشـاوە بێت. قژ واتە سەرنجڕاکێشـی و ناسـکی، لە بۆنەکانیشـدا وەك شـازادەیەك ناز بە قژتەوە بکە، بۆ ئەو هەنگاوە خانمان پێویسـتیان بە ڕەنگێکی گونجاو هەیە، تا لەگەڵ شـێوەی روخسـار و ماکیاژ و جلەکانیان شـیك بـن، چەندیـن ڕەنگـی دیاریکراو بۆ بۆنـە و ئاهەنگەکان هەن، کـە بریتین لە: ڕەنگی زەردی کاڵ، یان خاکی، ڕەنگێکی ناسك و پڕ کەسایەتییە، هەروەها سەرنجڕاکێشە، بۆ ئەو کەسـانەی کـە قژیـان کـورت و ڕەنگی پێسـتیان گەنمی و برۆنزییـە. ڕەنگی زەردی تۆخ نایاب و ناسکە بۆ کاتەکانی شەوانەی ئاهەنگەکان، بۆ ئەوانەیە کە قژیان درێژ و لە گشت شێوازەکانن، تەنانەت بۆ قژی کورت و درێژیش گونجاوە. ڕەنگی سوور، یان خەنەیی، ڕەنگێکی سـەرنجڕاکێش و ناوازەیە و بۆ قژی درێژ زۆر گونجاوە، هەروەهـا دەتواندرێت بەشـێکی بـە ڕەنگی دیکە ڕازاوە بکرێت. ڕەنگە تۆخەکانـی وەك، شـوکولاتە و کەرامێـل و هەنگوێنـی بـۆ بۆنەی کەسی و ناو هۆڵەکان شیکن.



# گرنگیدان و پاراستنی پێستی روخسار

پاراستنی پێست، هەنگاوێکی گەورە و بە نرخە لە بواری جوانکاریدا، تا چەند بتوانی خزمەت و پارێزگاری لە جوانی و نەرمونیانیی پێستت بکەیت، هێندە زیاتر شۆخوشەنگتر دەردەکەویت، هەنگاوەکانی گرنگیدان و پاراستنی پێست بە گشتی و پێستی روخسار بەتایبەتی زۆرن، بەڵام هەندێکیان بەپێی ماندووبوون و تێچووی ماددی دەتوانی دەستەبەریان بکەیت، لەوانە: پارێزگاری پێستی روخسار لە پیسی و تۆز و خۆڵ، شووشتنی بەردەوام، شێلان و پاکڕاگرتنی پێست، یان لە کاتی بوونی هەر پەڵەیەی بچووك و زیپکە و ئەوانە نابێت دەستکاریی بکەیت، بەتایبەت ئەگەر دەموچاو بکەیتە شێوەیەکی سێگۆشەی لە لووتەوە تا گەردن، نابێت بە هیچ شێوەیەك دەستکاری بکەیت. بەکارهێنانی کرێم و نەرمکەرەوەی پێست هەنگاوێکی دیکەی گرنگیدانە بە پێست، بۆیە جار جارە بە هێواشی دەست لەسەر روومەتەکانت دابنێ و پاڵەپەستۆیان بخەرەسەر، بەڵام با هێندە زۆر نەبێت کە ئەزیەتی روخسارت بدات، هێندەش سانا نەبێت کە کاریگەریی نەبێت، ئەو کارە بکە و با بۆ ماوەی (٣٠) چرکە دەستت لەسەر روخسارت بێت، پاشان دەستت لابدە، ئەو هەنگاوە بۆ ماوەی (١٠) خولەك دووبارەی بکەرەوە، دواتر بە سەری پەنجەکانت مەساجی روخسار ت بکە و هەوڵبدە زۆربەی روخسارت بە جووڵەی بازنەیی بشێلە.

## کچی دەنووک باڵندە

ماوەیەکە کچێك لە کوچە و شەقامەکانی شاری نیویۆرکی ئەمریکا دەردەکەوێت، کە جلوبەرگێکی ڕەشی لەبەردایە و دەنووکێکی وەك دەنووکی باڵندەی هەیە، ئەو کچە بۆتە جێی سەرنجی هەمووان، ئاخۆ بۆچی دەنووکی لە دەمی بەستووە، وەك ئەوەی تارماییەك بێت، دێت و دەچیت، بێ ئەوەی کەسیش لێی بپێچێتەوە کە بۆچی دەنووکی داناوە. هەڵگری ئەو دەنووکە گەورە و درێژە کچێکی قەتەرییە ناوی (فاتیمە موحەمەد)ە و تەمەنی (٢٥) ساڵە و ئێستا لە ئەمریکا دەژی، ئەو کچە لە منداڵییەوە حەزی بە نواندن و وێنەکێشان کردووە، بە بەستنی ئەو دەنووکەش گوزارشت لە کەسانی نەخوێندەوار دەکات و بە مانای نەزانین و قسەنەکردن دێت، کە بە بۆچوونی ئەو نەخوێندەوارەکان ناتوانن وەك هەر کەسێکی ئاسایی بخوێننەوە، یان زمانی دیکە فێر ببن، دەنووکەکەشی تێکەڵکردنی کولتووری ئەمریکی و ڕۆژهەڵاتە، لە ڕێگەی باڵندەیەك کە ناوی (عناج)ە و لە ئەمریکا دەژی، هەروەها جلە ڕەشەکەشی بە مانای کولتووری وڵاتانی ڕۆژهەڵات دێت.



## وێنەکێشانی جیاواز لـ

وێنەکێشان سنووردار نییە، ئەوانەی وێنەدەکێشن پێویستە لە خەیاڵ و کارەکانیان سنووریان نەبێت و بە گژ هەموو لایەن و ئاستەنگێکدا بچن، ئەوەش وادەکات کە بیرۆکەکان ببنە جێی سەرنجی هەمووان و سەرکەوتن بە دەست بهێنن، وەك کارەکانی وێنەکێشی ژاپۆنی تاکاشی مۆراکامی کە ئەوەی بە خەیاڵیدا دێ، دەیکات بە تابلۆیەکی وێنەکێشان، بە جۆرێك کە زۆربەی وێنەکێشەکانی هەراسان




## تاقچە لە ژیانـ

بەهۆی دەستڕەنگینی و لێهاتووییەوە پیاوان و ئافرەتانی کورد چەندین بەرهەم و کاری جوانیان دروست کردووە و تا ئێستاش جێ پەنجەی کارەکانیان دیارە، کە ئەمڕۆ بوونەتە کولتوور و کەلەپوورێك بۆ نەتەوە و خاکمان، یەکێك لەو شتە جوان و سەرنجڕاکێشانەی دروستیان کردووە (تاقچە)یە، تاقچە لەلایەن وەستاکانەوە لە دیواری ژوورەکاندا دروست دەکرا و شووشەی پەنجەرەیان لێوەی قایم دەکرد، زۆرجار بە بۆیاغ گوڵ و تەیرۆکە و وێنەی جوانیان لەسەر شووشەکە نەخش دەکرد، بەو گوڵ و وێنانە ناندینیان دەڕازاندەوە و بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەو تاقچەیان لە دیوار دەدا و چەندین پێداویستیی ماڵەوەیان لەسەر ئەو تاقچەیانە دادەنا کە لە سەردەمی ئێستادا بە کەوەنتری ژووری چێشت

## ـــــــــــە هونەری وێنەکێشاندا

کـردووە، چونکـە هیـچ سـنوورێکی بـۆ کارەکانـی نییە، کارەکانی نێوان ئاستە نزم و بەرزەکانی هونەر و وێنەکێشـانە، سـەرەتای کارەکانـی بـە وێنەکێشانی (میـوە و سـەوزە) دەسـتپێکردووە، ئێسـتاش وێنەکانـی فیلمـی (جەنگـی ئەسـتێرەکان)ی کردۆتـە وێنـەی نمایشـەکانی، تاکاشـی لـە دایکبووی ساڵی (١٩٦٢) ی شـاری ئیتاباشـی ژاپۆنـە، دەرچـووی بەشـی هونـەرە لـە زانکـۆی تۆکیـۆ.







## وەزیری داد میوزیک دەژەنێت

سادەیی و ساکاریی کاربەدەستان و کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان، دەبنە هەواڵ و قسە و باسی خەڵك، وەك ئەوەی وەزیری دادی ئەمریکی لە کۆنگرەی نیشتمانیی پارێزەران ئەنجامی دا و بووە جێی دڵخۆشـی و سـەرنجی هەموان، وەزیری دادی ئێسـتای ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ویلیام بار) جگە لەوەی کەسێکی جددی و فەرمییە، بەڵام لە بۆنە و یادەکاندا کاری تـازە و نـاوازە ئەنجـام دەدات، بـەر لـە پێشکەشـکردنی وتەکـەی لـە کۆنگـرەی پارێـزەران کـە لـە شـاری واشـنتۆنی ئەمریـکا بەڕێوەچـوو، لـەو کاتـە تیپـی میوزیکـی کۆنگرەکە نمایشـێکی میوزیکـی پێشـکەش کـرد، هـەر لەوکاتـە جەنابی وەزیریـش ئامێـری میوزیکـی (قەربـە - the bagpipes)ی لـە یەکێـك لـە ئەندامانی تیپی میوزیك وەرگرت و بەشـداریی کۆرسی نمایشە میوزیکەکەی کرد، بە شێوازێکی زۆر جوانیش لەگەڵ ئاواز و ریتمی نمایشەکە دەڕۆیشت.

## ـــــــــــی کوردەواریدا

ناسراوە، لەسەر تاقچە زۆر شت دادەنران، وەك: مەنجەڵ و کتری و چاپیەسـت و هێڵەگ و کەوچەك و کەوگیر و چەندین شـتی دیکە، بۆیە تاقچەی گەورە و بچووك هەبـوون، تاقچـە گـەورەکان کەلوپەل و شـتی گەورەیان لەسـەر دادەنـرا، تاقچـەکان هەندێکیـان لە قوڕ دروسـت دەکـرد و ڕۆخـی تاقچەکانیـان بـە نەخشـی جـوان وەك شـێوەی پاقلاوەیـان لەسـەری دەنەخشـاند، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی دیمەنێکـی جوانـی هەبـێ لـە ماڵـدا، هەروەها لـەو کاتـەی شـتی لەسـەر دادەنـرا، جوانـی و ڕازاوەیی ماڵەکەی زیاتر دەکرد، زیاتریش تاقچە بۆ پاکڕاگرتنی کەرەسـتەکانی خـواردن و خواردنـەوە بووە لـەوەی نەوەك لەسـەر زەوی بکـەون، یـان گیانـدار و پیسـیی دیکـە بکەوێتە ناوی، ئێسـتاش هەمان بیرۆکە بۆتە کەوەنتری مـاڵ، کـە کۆمەڵێـك پارچـەی لێکـدراوە لـە شـوێنی تاخچەکەی جارانی کوردەواری خۆمان دروست کراوە.





## کاریکاتێر

باس لە گرنگی و پێویستیی کتێب دەکات، لەو کاتەدا کە تەنیا بەشێکی، یان بەرگێك دەبینین، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هێندەی زەریا و دەریایەك پڕە لە زانیاری و زانست و زانین.

## نوکتە

جارێکیان دوو کوڕی دوانەی جمك دەبن، یەکێکیان ماوەیەکی زۆر لە دوای برایە جمکەکەی گەڕا و دۆزییەوە، کە دۆزییەوە بە تووڕەییەوە گوتی: ئەوە تۆ لە کوێ بووی، دایکم لە بەیانییەوە سێ جار سەری شۆردووم؟

## جیاوازی وێنە





- لەم دوو وێنەیەدا چەند جیاوازییەك هەیە، بیاندۆزەوە !

## کچی شووشە


هەندێك مرۆڤ هەن، شێوەیان هێندە جوان و سەیرە لە مرۆڤ ناچن، وەك ئەوەی کەرەستەیەك، یان لە ماددەیەکی پلاستیك و شووشە دروستکرابن. ئەو کچە ناوی (داکوتا رۆز)ە و شێوەیەکی ناسك و جوانی هەیە، تاوەکو جووڵە نەکات، هەست ناکەی ئەوە مرۆڤە، بەڵکو روخساری ئەوەندە ناسك و جوانە شێوەی لە بووکەشووشەوە دەچێت، تەنانەت لە زۆرشوێندا وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کە وەك ئەوەی شووشە بێت، نەك مرۆڤ، ئەو کچە ئێستا لە کۆلێژ دەخوێنێت، دەیەوێت لە داهاتوودا لە بواری نمایشکاریی جلوبەرگدا کار بکات، یان بەشداریی خولەکانی شاجوانیی وڵاتەکەی و وڵاتانی جیهان بکات.




## پوختەی فیلم

**چیرۆکی ترسناك لە تاریکدا - Scary Stories to Tell in the Dark**

فیلمێکی ترسناکە و باس لە خێزانێك دەکات، کە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە بە ناوی (سارا بیلۆس) دەیەوێت چیرۆك بۆ هاوڕێ و کەسانی نزیکی بگێڕێتەوە و لەو کاتەوە ژیانی دەبێتە دۆزەخێکی کارەساتبار، کە لەلایەن کۆمەڵێك هەرزەکارەوە ئەو گرفتانەی بۆ دروست دەکەن، رووداوەکانیش لە ماڵەکەی سارادا روودەدەن، تا ئەو کاتەی سارا دەیەوێت بەسەر کارەساتە ترسناکەکاندا زاڵ بێت و ماڵەکە جێبهێڵن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥١) خولەکە، لە وڵاتی سلۆڤاکیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (ئەندرێ ئۆڤێردال) و نواندنی (زۆی مارگرێت کۆلێتی و ئۆستن ئەبرامز و ناتالی گینزۆرن و گابرێل رەش و میشێل گارزا)یە.





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وا هەست دەکەیت کە کەسێکی فەرامۆشکراوی، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەنیا زیانت پێ دەگەیەنن، بۆیە خەمەکانت بەجێ بهێڵە و لەگەڵ داهاتوودا بژی، ئەوی بۆ داهاتوو بیری لێ دەکەیتەوە، دێتەدی، بۆیە خەم مەخۆ. بیرکردنەوەی جوانت هەیە و زۆرجاریش سەرکەوتن بە دەست ناهێنیت، بێهیوا مەبە و لە هەوڵەکانت بەردەوام بە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەوەی دەتەوێت لە ئێستا بەدەستت ناکەوێت، بۆیە دەبێ ئارام بگریت و دووبارە هەوڵ بۆ سەرکەوتنی کارەکانت بدەیتەوە، ئەزیەتی خۆت مەدە بەهۆی بەدەستنەهێنانی ئەنجامی باش لە کاری پێشووت لۆمەی خۆت مەکە، هێمن بە و بە جوانی بیر بکەوە و تەنیا کار بۆ داهاتوو بکە، کەسێکی لێهاتووی لە مامەڵەکردن، هیچ کات نائومێد مەبە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە سایەی تۆوە زۆر کەس پێگەیشتن، بەڵام تۆش هەر لە شوێنی خۆتی، دڵسافیت بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسانێك خاڵی لاوازیت بدۆزنەوە و بۆ بەرژوەندیی خۆیان بەکاری بهێنن، نابێت هێندە سادە و ساکار بیت، بەڵام متمانەشت لە دەست مەدە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت زیاتر چاوکراوە بە و رێگا مەدە دەوروبەر کاریگەریی نەرێنیت لەسەر دابنێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

تا ئەو کاتەی بە ئەنجامێك دەگەیت، خێرا بڕیار مەدە، ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشبەختی دەچێ و لەلای کەسانی دیکە بە کەسێکی لێهاتوو ناوت رۆیشتووە، هەوڵبدە لەسەر هەمان رێچکە بمێنیتەوە و پارێزگاری لە دەستکەوتەکانت بکەیت، ئەگەر هۆشیارانە لەسەر هەوڵەکانت بەردەوام بیت ئەوا ئایندەیەکی باش چاوەڕێت دەکات.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

رابردوو لەبیر بکە و بۆ ئێستا و داهاتوو بژی، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێك کێشەتان هەیە، پێویست ناکات خەمی لێ بخۆی، چونکە هیچ تاوانێکت نییە وتەنیا بەدحاڵیبوونە. بۆ کار و چالاکییەکانت بڕیارێکی باشت داوە و بەردەوام بە، بەڵام بە ورییاییەوە هەڵسوکەوت بکە، چونکە بچووکترین هەڵە، پەشیمانیی گەورەی بەدواوە دێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستە واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنیت کە وادەزانیت هیچ تروسکاییەکت نییە و ژیانت بەرەو ناخۆشی دەچێت، هەمیشە گەشبین بە و هیچ دەرفەتێك لەدەست مەدە، کەسێکی هەست ناسك و تا رادەیەك شەرمنیت، مەهێڵە کەسانێك لەو رێگایەوە پەی بە نهێنییەکانی ژیانت ببەن. پەیوەندییەکانت لەگەڵ دەوروبەرت با زیان بە بەرژەوەندیی خۆت نەگەیەنێت.

## یاریی وێنە




لەم وێنەیەدا چەندین هەڵەی باو هەن، تۆش هەوڵبدە لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکە هەڵەکان بدۆزیتەوە و دەستنیشانیان بکەیت.



## پەند و وتە


ئەلبێرت ئێلیس، گەورە فیزیۆلۆجیی ئەمریکا، داهێنەری تیۆری چارەسەری ڕەفتاری شەڕانگێزیی دەروونی، لە ساڵی (١٩١٣) لە شاری بەنسلڤانیا لە ئەمریکا لەدایکبووە، لە ساڵی (٢٠٠٧) کۆچی دوایی کردووە، لەبارەی عەقڵی پیاوان و ئافرەتان دەڵێ: بەڵگەی تەواو نییە، لەسەر ئەوەی پیاوان زیاتر عاقڵتر و زیرەکتر بن لە ئافرەتان، بەڵام لە نمرەیەکی ڕەفتاری شێتی و سەرکێشیدا لێکچوون و هاوبەشییان یەکسانە.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا گژوگیای سەوز هەن، وێنەکە هێندە ڕوون نییە تا بە ئاسانی لێی تێبگەیت، هەوڵبدە ڕاست و دروستیی وێنەکە بزانیت و بزانە لە چ گۆشەنیگایەکیشەوە گیراوە.

## بۆ زانیاریت



**هێزی کێشکردنی زەوی**

هێزی کێشکردنی زەوی لە ئێستادا بە نزیکەی (m/s ٢٩،٨١)ـە، سەرجەم ئامرازەکانی دەوروبەریشمان لە بچووکترین شت تاکو دەگاتە کەشتییە ئاسمانییەکان، بەپێی ئەو پێوەرە دروستکراون، گریمان هێزی کێشکردن بە ڕێژەی ٥٪ زیادی کرد، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەوی خولگە بازنەییەکەی بگۆڕێت بۆ شێوازێکی هێلکەیی باریك، ئەمەش دەبێتە هۆی کەوتنە خوارەوەی مانگە دەستکردەکان، وەرزەکان بەگشتی و زستان و هاوین بەتایبەت وشك دەبن، ئەمە تەنیا بە زیادکردنی ٥٪، ئەی چی دەبێت ئەگەر هێزی کێشکردن دوو هێندە بێت، لە ڕاستیدا لەو حاڵەتەدا ڕزگاربوون مەحاڵە، زەوی بەسەر خۆیدا تێك دەشکێت و گەرمای ناوەوەی بڵاودەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی مردنی ڕێژەیەکی زۆری مرۆڤ و گیانەوەران، بەڵام گریمان هێزی کێشکردن بە ڕێژەیەك زیاد بکات کە مرۆڤ بتوانێت تیایدا بژیت، ئەوکات کێشی مرۆڤ بە ڕێژەیەکی زۆر زیاد دەکات، تەنانەت ئەگەر کەسەکە زۆر لاوازیش بێت، هەمیشە وا هەست دەکات جانتایەکی ١٥ بۆ ٢٠ کیلۆیی بە شانیەوەیەتی، هەناسەدان قورس دەبێت و لێدانی دڵ زیاد دەکات و پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە، خلیسکان و کەوتنە خوارەوەی بەرد لە شاخەکان زیاد دەبێت، بەشێکی زۆری باڵەخانە و پردەکان دەڕووخێن، فڕۆکە و کەشتییەکان توانای گەشتکردنیان نامێنێت، دارەکان بەهۆی کێشی خۆیانەوە دەشکێن، یان بەهۆی نەمانی توانای ناردنی ئاو بۆ لق و پۆپەکانیان وشك دەبن و بە پێی تێپەڕبوونی کاتیش داری دیکە دەڕوێن کە کورتترن و قەدەکانیان زۆر قایمترە، هەر ئەوەش نا، بەڵکو ئەگەری ئەوەش هەیە کە بەپێی تێپەڕبوونی کات مرۆڤ باڵای کورت ببێتەوە و ئێسقان و دەمارەکانی ئەستورتر ببن.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئامادەی بۆ هاوکاریکردنی هەرکەس کە پێویستی پێت هەبێت، ئەمە کارێکی مرۆڤانەی مەزنە، بەڵام ئەگەر لەو پێناوەدا خەونەکانی خۆت فەرامۆش بکەیت، ئەوە سوودی نابێت، پێویستە ژیانی خۆت ڕێکبخەی و بەرژەوەندیی خۆیشت لە دەست نەدەیت، هەمیشە کەسێکی دڵکراوە بە تا لە داهاتوودا بەرهەمەکەی بچنیتەوە.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

جیاوازیی بیرکردنەوەت وایکردووە کە کەسانێك بە هەڵە لێت تێبگەن، دەکرێت سادەتر بیت و لەهەمان کاتیشدا لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە بەردەوام بی تا ئەو کاتەی دەزانن کەسێکی ڕاستی، نابێ هێندە لە ڕووی هەستەوە خەم لە کێشەکان بخۆیت، بەڵکو دەبێت واقیعییانە هەوڵی چارەسەریان بدەیت و خۆت بەدەستەوە نەدەیت.




**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوکاتەی کە وا هەست دەکەیت خەمێکت هەیە، وامەکە کەسانی دیکە هەستت پێ بکەن، چونکە بەوجۆرە بە لاوازت دەزانن، کاتێك بە تەنیا دەبی، بیر لە کارە باشەکانت بکەوە، نەوەك خەمەکان، کەسێکی بەهەست و چاکەخوازیت و چاکەت زیاترە نەك خراپە، بۆیە متمانەت بە خۆت هەبێت و لەسەر هاوکاریکردنی کەسانی دەوروبەرت بەردەوام بە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئاماژەکان بەرەو خۆشی و شادی دەچن، دوورتر بۆ داهاتوو بڕوانە، ڕەشبینی بە هیچ ئامانجێکت ناگەیەنێت و پێویستە گەشبین بیت، کەسێکی خۆڕاگر و بەتوانایت، بۆیە دەبێ بەهێز بیت و جوان بیر بکەیتەوە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، کەسێك چاودێریت دەکات و دڵی تۆی دەوێ، بەڵام تا لێی دڵنیا نەبیت، بڕیاری بەپەلە مەدە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کەسانی دەوروبەرت بە کەسێکی ژیر و پڕهەستت تێدەگەن، تۆش بە هەندێ ڕەفتار وامەکە ئەو ناوبانگە لە دەست بدەیت، ماوەی داهاتووت دژوار و ناخۆش دەبێت، بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە و هیچ هەنگاوێك هەڵمەگرە کە لە ئاکامەکەی دڵنیا نەبیت، خۆت بە کێشەی دەوروبەرەوە سەرقاڵ مەکە، تەنیا لەگەڵ خەونەکانی خۆتدا بژی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بەهۆی سادەییتەوە مەهێڵە کەسانی دەوروبەرت خەونەکانت لێ تێکبدەن، نهێنییەکانیشت لەلای کەس باس مەکە، کەسێکی سادەیت و لای کەسانی دەوروبەرت خۆشەویستیت، ماوەیەك لەگەڵ کەسێك دڵسارد بوویت، بەیەکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن و هاوکاری ئەو کەسە بکە کە پێویستی پێتە، دڵنیابە لە کارەکانت سەرکەوتوو دەبیت.